# نا بۆ ڕێگرتنی تێکۆشانی ژنان

ئێمە وەك ئەو 16 ژنەی ناو دەیان ژنی خۆپیشاندەری بەشداربوو لە ڕێپێوانە دیموکراتییەکەی ڕۆژی 2006/4/13 دا لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیرکراین و لەگەڵ کچە منداڵێکی تەمەن دوو ساڵاندا 5 ڕۆژ زیندانی کراین، پێکهاتبووین لە ئەندامانی مەکتەبی کار و باری ژنانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، چەند دایك و ئافرەتی بێلایەن و دایکانی ئاشتی و تەنانەت ئافرەتێکی تەماشاکەری ڕێپێوانەکە و ئافرەتانێك کە بە مەبەستی بەشداریکردنی ڕێپێوانەکە هاتبوون و هەر لە بازگەی تاسلوجە دەستگیرکرابوون. سەرباری ئەو توندوتیژی و کردەوە ناڕەوایانەی ڕووبەڕوویان بوینەوە لەڕێی ڕیپوانێکی وەهاوە دەربرینی سرۆشتیترین کاردانەوەی دیموکراتیانە و گەوهەری نیشتیمان پەروەرانەی خۆمان لە پێناو ڕسواکردنی سیاسەتی قڕکردن و کۆمەڵکوژی کۆتانەهاتووی دەوڵەتی تورکیا لەسەر گەلەکەمان لە باکوری کوردستان و پشتگیری کردنی ژنانی گەلەکەمان لەو پارچەیەدا بەشەرەف و شانازییەکی گەورەیی و مێژوویی دەژمێرین، لەهەمان کاتیشدا بۆ شەرمەزاکردنی هەژدەهەمین ساڵوەگەڕی گەلەکەمان کەتیایاندا ژمارەیەکی زۆری دایك و کچان و ژنانی کورد بوون.

لە بەروارێکدا نزیك بەهەژدەهەمین ساڵیادی ئەنفال و هەزاران خوشك و دایکی بێ سەروشوێن کراومان کەتازە بەتازە کامپانیا بۆ دیاریکردنی چارەنوسی نادیاری بەشێك لەوانە بەڕێوە دەبرێت بەتایبەتی ئەو 18 کچەی لە کەرکوك کە بە میسر فرۆشران. ڕژانە سەر شەقامی ژنانێکی وەك ئێمە بۆ پشتگیری کردن لە لە هاورەگەز و هاو شوناسانێکمان کە هێشتا لە سایەی سیاسەتی نکوڵی و قڕکردنی تورکیادا بەتاك و کۆ ڕۆژانە ڕووبەرووی هەمان هێرشەکانی ئەنفال دەبنەوە هەڵکەوتەیەکی مێژوویی گرنگە، بەڵام ئەوەی جێی داخە ژنانێك کە بەشێوازێکی ئەوپەڕی دیموکراسیانە دەڕژێنە سەر شەقام ئەمجارەیان لەلایەن دەسەڵاتێکی کوردییەوە کە بانگەشەی دیموکراسی و ئازادی بیروڕا و مافی ژنان دەکات، ڕووبەڕووی هەمان کردەوەکانی ڕژێمی بەعس دەبنەوە و دەزگای ئاسایش کە دەبێ بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی خەڵك کاربکات لەوێدا ئەرکی پاراستنی ڕێپێوانەکەی بگرتایەتە ئەستۆ، کارمەندانی ئاسایش نەك هەر ڕێگریان کرد، بەڵکو بەرامبەر بە ئێمەی ژنان بەوەشاندنی شەق و زلە و قۆناغە تفەنگ هەمان دیمەنەکانی ڕژێمی بەعسیان تۆمار کرد، هیچیان لە دیمەنەکانی پۆلیسی تورکیا کەمتر نەبوو کە لە ژێر فەرمایشتی ئەردۆغاندا بەوەی کە ئەوان ژن و منداڵ نا ناسن و هەرکێیەکیان بێتە بەردەم لێی دەدەن بە کێبڵ چەندین ژنیشیان کوشت.

بەمەشەوە ڕانەوەستان و وەك ئەوەی ئێمە ژنێکی کوردنا وەك ئەوەی دوژمنێك بین! بەوپەڕی سوکایەتی پێکردن و قسەی ناشیرین و ڕەفتاری توندوتیژەوە پەلکێشی زیندانیان کردین. لەکاتێکدا ئەوەی ئێمە ویستومانە

دەربڕینی هەڵوێستی خۆمان بووە لەڕێی ڕێپێوانێکی هێمنانەوە و ئەمەش نەك هەرتاوان نیە سروشتیترین مافێکی مرۆڤە کە ئێمەی ژنانیش هەمان بێت، کەچی وەك تۆمەتبارێکی ترسناك مامەڵە کراوین.

بەرامبەر بەم مامەڵە ناڕەوایانە هەر کاردانەوەیەکی سروشتیمان بۆ پاراستنی خۆمان نیشان دابێ، بەشێوەیەکی زۆر نامەدەنی و دەمرووتانە سوکایەتیمان پێکراوە قسەی ناشیرینمان پێ وتراوە و ڕووبەرووی هەرەشە و گوڕەشەی شەخسی بوینەتەوە. لە پای ئەم کردەوە ناشیرینانە هەڵوێست وەرگرتنمان بەمانگرتن لە خواردن بۆ ماوەی ئەو پێنج ڕۆژە سوکایەتی پێکراوە و وەك زیندانیێکی سیاسی بەئاستەوە مامەڵە نەکراوین تەنانەت بەشێوەیەکی ناشایستە بە مرۆڤ و بازاڕیانە لەگەڵماندا دواون. ئەمە جگە لەوەی ئەو هەل و مەرج و جێگایەی ئێمە و چەندین ژنی زیندانی لە دەرەوەی ئێمەی تێدا زیندانی کرابوو، هیچ تەندروستیەکی ژیانی تێدا بەدی نەدەکرا و بەو پەڕی سوکایەتی کردن دەژمێردرێ بە هەبوونی مرۆڤەوە. ژنانێك کە لەوێدا زیندانی کراون ڕەوشیان بە جۆرێکە کە بۆ دابینکردنی بچوکترین پێداویستیان، بکەونە پاڕانەوە و ژێر پێ خستنی کیان و ئەرزشی کەسێتی خۆیان.

هەر بۆیە ئێمە کپکردنی دەنگی ژنانێکی تێکۆشەر لە شەقامی مەدەنیدا و سەرکوتکردنی دابەزینیان بۆ نێو گۆڕەپانەکان و بەم جۆرە مامەڵەکردنیان لە زینداندا و پاشانیش دەرخستنە پێشیان لە دروشمە بریقەدارەکاندا، بەترسناکترین سیاسەتی زیهنیەتێکی پیاو سالارانەی گۆشکراو بە دەستی ڕژێمی بەعس دەژمێرین، کەلە ڕێی بە ئامانج گرتنی هێزی ژنانەوە ئایندەی دیموکراسی وڵاتەکەمان تاریك دەکات. لەلایەن خۆمانەوە ئەم سیاسەتە و هەموو شێوازە دەروونی و توند و تیژی و گوشاریەکانی شەرمەزار و ریسوا دەەین. هەروەها داوا لە هەموو ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان ڕێکخراوە بەرپرسەکان دەکەین کە بەرامبەر بەم هێرشە ترسناکە بێدەنگ نەمێنن و هەرچی زوو ترە هەڵوێستی خۆیان نیشان بدەن.

ــ بمرێ زهنیەتی پیاو سالاری ڕێگر لە بەردەم ڕژانە سەر شەقامی ژنان.

ــ بژی تێکۆشانی بوێرانەی ژنان، بەرامبەر بێ هەڵوێستی.

**ژنانی زیندانیانی 2006/4/13**

**سلێمانی**